# نامەیەك لە غوربەتەوە بۆ هاوڕێیان

**بەشی یەکەم**

برایانی بەڕێز ئێستا لە پایتەختی سوید ئەو نامەیەتان بۆ دەنووسم، کە لەڕێکەوتی١٣/١٢/١٩٩٠ گەیشتمە ئێرە واتا(ستۆکهۆڵم) بۆیە چوار ڕۆژ لەنووسینی ئەو نامەیە دواکەوتم، چونکە قەناعەتتان بێ، تاکو یەك کاتژمێر بەر لە ئێستا ئەوەی پارە بێ لە گیرفانم نەبوو، کە وەرەقەی نامەی پێبکڕم و بۆ بەڕێزتان پۆست بکەم، بۆیە دەمەوێ لەسەرەتاوە چۆن گەیشتمە ئێرە بۆتانی بنووسم. تاکو بۆ ئەو برادەرانەی نیازی ئەوروپایان هەیە بزانن وەزعەکان چۆنن، دیارە لەونامانەی لە سوریا بۆم نووسیوون وەزعی ئەوکاتی خۆم بۆ ڕوونکردنەوە، ئەگەر بەدەستتان گەیشتبێ. کە دوونامە بە دوو ڕێکەوتی جیا بۆم ڕەوانە کردوون.

بەڕێزان: لە سووریا بە هەزار دەردەسەری توانیم پارەی سەفەر پەیدابکەم، بەم شێوەییەی خوارەوە، (ن.ب) درۆی کردو هیچی بۆنەکردم تەنها ئەوەنەبێ پەساپۆرتی بۆ کڕیم ئەویش سەد بریا بۆی نەکڕیبام، ئەگەر وەزعەکە وەها نابوو دەمداوە، شۆڕش واتا عیلاقاتی (ی.ن.ك)(٦٠٠)شەش سەد دۆلاری پێدام، (٧٥٠) حەوت سەدو پەنجا دۆلاری ترم لەبرادەران قەرزکرد کە بەشی سەفەری کرد لە سوریا بۆ سوید، دوو هەزار دۆلار بەهەموو شتێکەوە. بەڵام چۆن؟ وەك برادەرانیتر نەچووم ملی قاچاخچی بگرم بۆئەوەی بلیتی تەیارەم بۆ بکڕن، خۆم لەخەتەکان توانیم بە (٧٥٠) دۆلار بلیت بکڕم بە (٢٢)بیستو دوو دۆلار ڤیزایەکی سۆڤییەتی بەهەزار کەڵەکات پەیدابکەم، واتا لە ڕێکەوتی ١٠/١٢/١٩٩٠ بلیتی دمشق_ مۆسکۆم کڕی بە حەوسەدوحەفتاو دوو دۆلار بۆماوەی پانزە ڕۆژ. وەرە زمانی روسی مەزانەو بکەوە ناو ئەو جەنجاڵیە کە خودا دەزانێ مۆسکۆ چەند گەورەیە، کەس مەناسەو هیچ تابلۆیەك نەزانی بیخوێنیەوە، خۆشت لەدەست پۆلیس و قۆڵبڕەکانی سۆڤییەت دەرباز بکە، بەپەساپۆرتی تەزویرو کۆمەڵێك مەدرەکی عیراقی کە نیشانەی عیراقیم بوو، ئەو برادەرانەی بەناو بۆ خوێندن لە سۆڤییەتن و قسەیان لەگەڵکردبوون کە برادەرانی خۆمان هاتن دەربازیان بکەن باوەڕتان بێ هەموو ژمارەکانی تەلەفۆنیان خەڵەتداوە بۆئەوەی نەدۆزرێنەوە. خۆ فرۆکەخانەی مۆسکۆ هێندەی شارێکی ناوەنجی ئێران دەبێ ئەوەندە تەیارەی لێیە دەڵێی تێرمینالی تارانە قەڵەبالغ نەك لە سەیارەو مرۆڤ، بەڵکو لەتەیارە نازانی چی بکەی و چۆن بچییە ژوورەوە، بۆ نەگبەتی نووسین و قسەکردنیان تەنها رووسی بوو، هەر ئەوەندەمان دەزانی دەنگ لەمایکرۆفۆنەکان دەهاتو بەس دەمانزانی قسەیەو بەس، سەد خۆزگەم بە (گێلەپیاو) چاکە ژمارەکانم بە ئینگلیزی دەزانی، ژمارەکانی ئەوانیش ئینگلیزین. برایان پێش هەموو شتێ کاتژمێر بۆ حەوت ٢٠ دەقیقەکەم لە ڕۆژی ١٠ی مانگ گەیشتمە سۆڤیەت. کە ماوەی نێوان سوریاو مۆسکۆ ٤ سەعات هەندێ زیاترە، بەڵام ئێمە لە(لارنەکا)ی پایتەختی (قوبرس) سەعاتێك ترانزێتی کاتیمان هەبوو، هێندە نەمابوو بتۆقین، چونکە بەدەیان کەسیان لەو فرۆکەخانەیە گیراوەتەوەو خۆو شانس داوای پەساپۆرتیان لەئێمە نەکرد. لە فرۆکەخانەی مۆسکۆ لە یەکەم دەرگا داوای ڤیزەو پەساپۆرتیان لێکردم. کەسەیریانکرد وتیان جەوازەکەت(توونسیە)تەزویرە، هەر

ئەوەنـــدە حاڵی بـــووم وتیان: بوەســـتە، وتم: تەزویر نییە بە ئینگلیـــزی. وتیان دەیبەین بـــۆ کۆمپیوتەر وەخـــت بوو گیـــانم دەرچێ، چـــی دەڵێـــی؟ پێم وتن رازیم، ئەفســـەرێك کـــە کۆمەڵێك نەجمەی لەســـەر شـــان بوو وتی: جەوازەکەبێنە و بردی بۆ کۆمپیوتەر خوا کردی کۆمپیوتەر درۆی کرد. وتی: ئەو جەوازی ئەســـڵییە. جـــا ئـــەوە مـــا ئـــەوان داوای لێبوردن‌و پەشـــیمان بوونەوە بکەن، من لە جێگای خۆم وشـــك ببـــووم، ئەوەندەم پێکرا پێیان بڵێم (thank you) بەهەزار دەردەســـەری لەدەیان دەرگـــای فرۆکەخانە رزگارم بوو، کە چوومە ناو فرۆکەخانە وەك بەردێك بهاوێیـــە ناو دەریایەك ئەوها بوو، نەکەســـت دەدیت بە ئینگلیزی قســـەبکا. نە بە عەرەبی، نە بە فارسی، واقمورما ویســـتم تەلەفۆن بۆ برادەران بکەم ، پارەی من هیـــچ بەکەڵکی ئەو شـــوێنە نەدەهـــات هەمووی تەنهـــا رۆبڵ بوو بـــەس، لەکـــوێ پەیدابکـــەم لەناو فرۆکەخانـــە مەمنوعە دۆلار بگۆریتەوە، چونکە دیم نووســـراوە(net dollar) واتە دۆلار ناگۆردرێتەوەو نیە، لەقوژبنێك گوێم هەڵخســـت گوێم لێبوو یەکێك بەیەکیـــتری دەوت(شـــلونەك، اللـــە بخیر) خـــۆم لێ نزیك کردنەوە هیـــچ دەنگم نەکرد هەتا بەتەواوی زانیم(عەرەبن)ئەوجا لێیان چوومە پێشـــەوە سلاوم لێکـــردن‌و پێـــم وتـــن: ئەمـــەوێ تەلەفۆنێـــك بکەم پارەی ســـۆڤییەتیم نییە، وتیـــان یارمەتیت دەدەین، وتم کەواتە مـــن ژمارەکـــەم دەدەم بەئێوە تەلەفۆنم بۆ بکـــەن. وتم نەوەك کەســـێك هەڵگـــرێ لەجیاتی برادەرانـــی خـــۆم چابوو ئـــەوان رووســـیان دەزانی، وتیان باشـــە ژمارەکـــەم دانی ئەوەبـــوو(١٧٣٢٩١٦) کە بریـــار بوو ئـــەم ژمارەیە هـــی (......) بـــێ واتا هی (....) کاك کوێســـتانی باشی دەناسی. کە ژمارەکەمان لێدا وەریگرت یەك بە رووســـی قسەیکرد عەرەبەکە پێی وتم چی پێبڵێم؟ ئەوەی راســـت بوو پێمووت: کە کوردم لە کوردستانی عیراق هاتووم بۆ ئێران لەوێ بۆ ســـوریا ئێستا بەپەســـاپۆرتی تونسیم هەیە دەمەوێ یارمەتیـــم بدەی لـــە کرینی بلیت بۆ ســـوید دەچم. بەرووســـی وەڵامـــی دایەوە وتـــی:" بـــا لەبەردەرگای فرۆکەخانـــە چـــاوەروانم بـــکا کاتژمێر یەکی شـــەو دێمە لای ماشێنێکی ســـپیم پێیەو پاڵتۆیەکی درێژی شـــینم لەبەرایەو لەگەڵ شەبقە". دڵم خۆشبوو وتم: " لەوانەیـــە (.....) برادەرێکی روســـی لەجیاتی خۆی بنێرێ، لە سەعات حەوت بۆ یەك چاوەروان بکە. هەر لـــە دەرگای فرۆکەخانە چووبامە دەرەوە دەیبەســـتم ئەوەندە ســـاردبوو، چەندین پلە لەژێر سفری سەدی بوو، هیچ کەس نەیدەتوانی پێنج دەقیقە لەبەردەرگا بووەســـتێ‌و چاوەروانبکا، بـــوو بەکاتژمێر یەك ئەو ماشـــینەی رەقەمی دابوو بەمن هات، چوومە لای وتم ئەو تەکسیە بۆمن هاتووە، بە ئینگلیزی وتی: (net) نا وتم ئـــەوە ژمارەکەیە.وتی(ok) پاڵتۆیەکی گەرمی لەماڵـــەوە بـــۆی هێنابـــووم، لەگەڵ کلاوێکی رەشـــی کۆڵکن، بە ئیشارەت وتی وەرە سواربە بابرۆین. زیاتر لە ســـەعاتێك رۆیشتین من هیچ قســـەم نەکرد.وتی: ئەو منارانە دەبینی بەئیشـــارات وتم نا ، لەسەیارەکە دابەزین‌و چووینە ناو کۆشـــك بۆســـەر گۆری لینین، بەڵام چونکە شـــەو درەنـــگ بوو دەرگـــای گۆرەکەی داخرابـــوو، دوو پۆلیس بەشمشـــێرەوە لەبەردەرگاوە وەســـتابوون زیاتر لە دە دەقیقە تەماشـــامکردن هیچ نەدەجولان، تەنانەت چاویشیان! هێندەش سەرمابوو نازانم چـــۆن ئەوان رەق نابوونەوە وتی: ٢٤ ســـەعات ئەمانـــە پاســـەوانی دەکـــەن‌و نابێ بجولێن. کۆشـــکی کرملـــین هێنـــدە جوانـــەو بەدەیان منـــارە دەوریان گرتووەو بەراستی کۆشکەو شوێنی ناشتنی ئەو پیاوە مەزنەیە. قاعەیەکی کۆنفراساتی گەورەی لێیە بێجگە لەچەندین کۆشکیتر. کە هەریەکەی هی شتێکە، سەد خۆزگـــە وەرگێرێکم لەگەڵ بایە، هەر بەو شـــەو بۆ گۆرەپانی ســـووری بردم کە بەناوبانگترین مەیدانی مۆسکۆیە لە شۆرشی کرێکاران، کە بەتەواوی ئەویشی پێشـــاندام وتـــی: بابرۆین ئەوجا بەناو مجەســـەمەی دەیان ســـەرکردەی پرۆلیتاریاو نووسەری بەناوبانگی وەك" گۆرکـــی‌و دستۆڤســـکی‌و چیخـــۆف... مارکس‌و ئینگلیـــز‌و لینـــین" کـــە شـــەقامەکەیان رازاندبۆوە. بەیەك شـــەو وەك ئەوە چەند رۆژێ لەوێ بم شوێنی نیشـــاندام. من پەلـــەم بوو بگەمـــە لای(.......) .دوای ماوەیـــەك گەیشـــتینە بـــەر شـــوقەیەك وتـــی: ئەوە ماڵەکەمـــە، کە چوومـــە ژوورەوە هیـــچ (.....) دیار نەبوو. پێموت لەکوێییە، وتی جارێ برسیمانەو نان‌و چل بخۆ ئەوجا پێت نیشـــاندەدەم.خواردنێکی باشـــی بۆ ئامادەکردم. هەر چەندە هەوڵمدا نەیهێشت بۆخۆم خواردن ئامادەبکەم، دەیووت تۆ کوردی لەکوردســـتان هاتـــووی، کۆماندۆبووی چۆن مـــن خزمەتی پیاوێکی وەك تـــۆم پـــێ ناکـــرێ. دوای حەســـانەوە وتی: ئەو ژمارەیـــە هی منە نەك هـــی (.....) بەڵام چ کارێکت هەیە من ئامادەم، یان ئەبوایە لە قســـەکانی تەلەفۆن کە بەروســـی عەرەبەکان پێیانوت پەشیمان ببمەوە، یـــان ئەبوایـــە زیاتـــر راســـتی بۆدەرخـــەم. پێم وت قامووسی ئینگلیزی _روســـیت هەیە وتی ئا هێنای‌و وەزعـــم باشـــتر بـــوو ئـــەو بەقامـــووس و ئەمن بە ئینگلیزییە شروشـــەپەرەکەی خۆم. باسی کوردستانم بـــۆ کرد وتی: من لە کتێبەکاندا زۆرم لەســـەر کورد خوێندۆتەوە، کەواتە ئێســـتا برای منی پێموت ئاخر من دەمەوێ(.....) ببینم وتی من نایناســـم‌و ژمارەی تەلەفۆنەکانـــی ئـــێرەش زۆرن نادۆزرێنـــەوە، ئەوجا وتـــی مـــن برادەرێکم هەیە (ئۆفیســـە_office) کە باسdکرد هێنـــدەی نەمابـــوو زراوم بتۆقێ، چونکە وامزانی مەبەســـتی پۆلیس‌و مودیری شورتەیە، وتم بەخوا تەسلیمم دەکا، چاك پێوە بووم، وتی ئینگلیزی دەزانـــی با تەلەفۆنی لەگەڵ بکـــەم. تەلەفۆنی لەگەڵ

کرد من چم بەو پیاوە عەرەبەکە ووتووە دەربارەی خۆم ئەو بەروسی هەمووی بە(ئۆفیسەکە) وت ، ئەوجا من نەمتوانی لە قسەکانم پاشگەزببمەوە، خۆم بە ئینگلیزی قسەم لەگەڵکرد، لەکۆتایی وتی چیت دەوێ وتم برام لە سویدە دەمەوێ بچمە لای بۆماوەی یەک هەفتە. وتی خەڵکی کوێی پێم وت ئەو برادەرە بۆی روونکردیەوە وتی با، بەڵام با لەدەمی تۆ ببیستم .وتم کوردی کوردستانی عیراقم، پێشمەرگە بووم لەدوای کیمیاباران هاتووم بۆ ئێران لەوێ بۆ سوریا لەوێ بۆ تونس، پەساپۆرتی رەسمی تونسیم هەیە، جێگای دانیشتنم لە سوریایە، براو خزمەکانیشم هەر لەکوردستانن لە شەردان. وتی مادام دژی فاشست خەبات دەکەی چی بڵێی بۆت جێبەجێ دەکەم. بەڵام بەیانی یەکتر دەبینین وتم باشە، بەیانی زوو هات بۆلام وتی بابرۆین بۆ دائیرە، لە نێوقەدمدا مرد! وتم جانتا بێنم وتی نا ئێستا دەگەرێینەوە هەر سێکمان بۆ دائیرەکە چووین. دیتم پۆلیسخانە نیە، بەڵکو دائیرەی ئیستیرادوتەسدیرە(ناردن و هێنانی شتومەك).

با وەسفی دائیرەی حوکومەتی سۆڤییەتیتان بۆ بکەم، کە قەڵای سۆسیالیستە "قەناعەتتان بێ بەدڵ خۆیان باشترین دائیرەیە، کورسیەکانی هێندە خراپ بوون، کەس لەماڵ لە سەری دانانیشێ نەوەك لە دائیرە" هیچ ئیلتیزامێك نەبوو، هەر گاڵتەجاری مابوو، ئەو ناوە پربوو لەکاغەزو شتی پیس لەبەرپێیان کەوتبوو، بەس تەلەفۆن و کۆمپیوتەری باشی لێبوو هیچیتر پێموابوو کۆمپیوتەرەکانیان هی خۆیان نەبوون، چونکە هەندێ کارتۆن لەوێ کەوتبوون لەسەریان نووسرابوو یابان و ئەڵمانیا، قاوە خواردنەوە بەردەوام بوو، وەك پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کارۆخ بوون بۆ چای خواردنەوە، پێیان وتم ئەوە بۆ لەدانەیەك زیاتر ناخۆنەوە، وتم بەسە لەلای ئێمە عادەتەن نەریتییە یەك دانە وتیان گوێ مەدەیێ ئێمە بیست وچوار سەعات دەخۆینەوە. چەند کورو کچێکی جوان هاتن لەگەڵیان (تەعاروفمکرد) کە زۆربەیان ئینگلیزیان دەزانی کە باسی کوردستانم دەکرد، دەیان وت نابێ بۆ هیچ شوێنێ برۆی لەلای ئێمە بە. وێنەی کچی جوانیان بۆ دەهێنام، کچەکان پێیان دەوتم جوانن دەموت جوانن، بەڵام دڵم پێناکرێتەوە، چونکە کاری بەپەلەم هەیە، دەیانوت پێت خۆشە زوو بگەرێیتەوە بۆ کوردستان شەربکەی، لێرەبە ماوەیەك بحەسێوە یارمەتیت دەدەین.

دوای کۆتایی هاتنی دەوام بەسەیارەی خۆیان لەگەڵم هاتن بۆ کۆمپانیاکانی هێڵی گواستنەوەی ئاسمانی بۆ بلیتی فرۆکە، زیاتر لەسێ کاتژمێر هەموو هێڵەکانم لەگەڵ گەران، تاوەکو خەتی ئەسلیمان دۆزیەوە، خواکردی ئینگلیزی زانەکەمان لێجیابۆوە لەخەتی سۆڤییەت پێی وتم پەساپۆرتت تەزویرە بە ئینگلیزی، ئەو روسییە لێی حاڵی نەبوو وتم نا لەکۆمپیوتەری دەن، وتی کەواتە برۆ لەسەفارەتی تونسی موافقەمان بۆ بێنە، وتم پێم وتون وتیان ڤیزەی ناوێ بۆ سوید و دانیمارك و فینلەندا، پێویست بە موافقە نەکات. رەقم تەلەفۆنێکی ساختەم دانێ وتم ئەوە هی سەفارەتی ئێمەیە قسەی لەگەڵ بکەن، ئەگەر گومانتان هەیە، وتیان بۆ بلیت برۆ بۆ هێڵی ئەسەکەندەنافیا، چووم بۆ ئەوێ، برادەرە روسیەکەم هەر لەگەڵبوو، کە چووین پێی وتم، موافەقەی سەفارەتی سویدو سۆڤیەتم بۆ بێنە کە نامێنیەوە بۆت دەکەین، یان بلیتی مۆسکۆ ـ ستۆکهۆڵم ـ دیمەشق بۆت دەبرین کەدەکاتە هەزارو پێنج سەد دۆلار وتم نیمە، بەڵام بلیتی سۆڤییەت سوریام هەیە بە سۆڤییەت دەگەرێمەوە نەك سویدو سوریا، بەڵام باشبوو بلیتم لەناو جانتا دانابوو لەیادم کردبوو، نەوەك خراپ تووش دەبووم، چونکە وتی ئەگەر بلیتت پێیە موافەقەی سویدت بۆ وەردەگرین. وتم بەیانی دێمەوە ئەوان ئینگلیزیان باش دەزانی گەراینەوە بەسەلامەتی دەرچووم، کورەکە بە ئیشارەت پێی وتم چی دەڵێن پێموت دەڵێن بەیانی برۆ بۆ سەفارەتی سویدو بلیت بهێنە بۆت جێبەجێدەکەم. وتی زۆر ئاسانە من لەجیاتی تۆ دەچم بۆ سەفارەتو موافەقە دێنم.

ئەو برادەرە چاکە وتی: تاکو ئێستا نادی مۆسکۆت نەدیون بۆ شەو تۆم دەعەوەت کردووە، برادەران هاتوون چووین بۆ نادیێك بەراستی خۆشبوو پربوو لەکورو کچ، هەمەجۆرەی خواردنەوەی سۆڤییەت (ڤۆدێکاو شەرابی قەفقاسو شامپانیاو بیرەو و... نازانم ئەوانیتر ناوی چی بوون باشترین خواردن کە لە هی لای خۆمان دەچوو، کە بۆ خواردنەوە ئامادەی دەکەن. دوو کوردی قەفقاسیشی بانگکرد بوو، زیاتر کە سێ سەعات ماینەوە، دوایی وتی من تەلەفۆنم بۆ دایکی خۆم کردووە کە کوردێکی پێشمەرگە هاتووەتە سەردانم، هەروەها بۆ خوشکم ئەبێ ئەمشەو بچینە لای ئەوان کە شەست و پێنج کیلۆمەتر لە مۆسکۆ دوورە. وتم: ئەزیبەتە، وتی نا دەبێ دایك و خوشکم هەرببینی، چونکە کوردیان زۆر خۆشدەوێ. ئەوەشم بیر نەچێت ئەو کورە چاکە بەئەسڵ خەڵکی شاری(لینینگراد)بوو.

کە چووینە ماڵی دایکی باشترین خواردنی ئامادەکردبوو، دووبارە لەگەڵ هەمە جۆرەی شەراب، پێیوتم تۆ میوانی کورەکەم بووی، ئێستا میوانی منو کچەکەمی تۆ کوری منێ بۆ نەگبەتی خوشکەکەی زۆر جوان بوو. پێی وتم ئەبێ بەرامبەر دایك و خوشکم دانیشی، تاکو شەرم نەکەی، خوشکەکەی بەبەردەوامی بۆهەر چواریان پەرداخەکانی پردەکردەوە پێیانووتم نەترسی ئەو شەرابە وەك هی لای ئێوە نییە، پێی تێکبچی یان تووشی نەخۆشیت بکا هەرچەندە من دەموت ناخۆمەوە، دایکی دەیووت: لەبەرخاتری من ئەو پێکە، خوشکەکەی دەیوت ئەوەش لەبەرخاتری من، بەڵام ئەوان زۆر لە من زیاتریان دەخواردەوە دایك و خوشکی تاکو هەموو قاپەکان بەتاڵبوون نەیانهێشت وازی لێبینم، بەڵام چاکبوو بەهیچ شێوەیەك تێکنەچووم.

تێبینی: ئەم نامەیە "ئیدریس ئیبراهیم" کاتی خۆی بۆ براو خزمانی ناردووە لە ئێران، ئێمەش دەقەکەیمان وەك خۆی بڵاو کردۆتەوە.